# خەڵكی كوردستان ئازادی و یەكسانیان دەوێ و نەفرەت لەنابەرابەری دەكەن

سەردار عەبدوڵا حەمە

لە سەردانێكی پەیامنێری كوردستان تیڤی بۆ هەڵە بجە لە وەڵامی ئەو دوو پرسیارەدا كە كردی لە هاووڵاتیەك ئایا خۆشترین شت بە لاتەوە چی یە ؟ ووتی : ئازادی و یەكسانی . وە لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا ئەی ناخۆشترین شت چی یە بە لاتەوە ؟ ووتی : نابەرابەری یە .ئەم وەڵامەی ئەو هاووڵاتی یە هۆی سەرەكی نارەزایەتیەكانی خەڵكی كوردستانە , چونكە گەندەڵی و نا بەرابەری ئاشكرا بەرچاو دەكەوێ .

دەسەڵاتداران بە هەرەمەندن لە باشترین هۆیەكانی ژیان كەچی بە پێچەوانەوە خەڵكی كوردستان هەر لە كرێكاران و چین و تۆێژە نەدارەكانەوە بگرە تا ژنان ولاوان و مناڵان بێ بەهرەن لە سەرەتایی ترین پێداویستی یەكانی ژیانی ئینسانی .

ئاوو كارەبا و سووتەمەنی بۆ مەسوولەكان هەیە و بۆ خەڵك نیە . گرانی هیچ كارێك لە سەر مەسولەكان ناكات بەڵام گەورەترین كا ركردی هەیە لە سەر خەڵك ,

دەسەڵاتداران ئازادن لە هەموو بوایێكەوە كەچی خەڵك ئازاد نین لە دەربڕینی بیر و را وئارەزوو ی دڵی خۆیان . ئازاد نین خۆپیشاندان و مانگرتن ئە نجام بدەن دەڵێن بە خەڵك ئێوە مۆڵەتتان نی یە ئێوە نا یاسایین . ئەوە مەعلومە لە كوردستانا هەر خۆپیشاندانێ ,كە ئەو نابەرابەریەی ئەوان سازیان كردووە بخاتە سەر رێ ی گورانێكی بچوكیش ئەوە مۆلەتی پێ نادەن بە بیانووی بوونی دەستێكەوە و چونكە بەرژەوەندی دەسەڵاتداران لەوەدایە خەڵك بێ دەنگ بن دانیشن شوكری خوا بكەن . خەڵك دەمرن و نەخۆش دەبن لە بەر گەرمای هاوین لە بەرنەبوونی كارەبا و ئاو . وە لە زستانیشدا رەق دەبنەوە لە سەرما و لە بەر نەبوونی نەوت یا كرێ ی كریكار و كارمەند هەرچەند بێت گرانی و بێكاری هەرچەندە بێت , نابێ خەڵك نارەزایەتی دەربڕن چونكە ئەوان مۆلەتیان نیە و دەستێك لە پشتیانەوەیەلە نابێ خۆپیشاندان بكەن و نارازی بن .

مەسولانی یەكێتی لە خۆپیشندانەكانی ئەم دوایەنەدا ووتیان ئێمە سەرچاوەی ئەو كوشتن و بریندارو رەش بگیریانە ی رووی داوە دەگەرێنینەوە بۆ ئەو توندو تیژیانەی كە لە لە لایەن جەماوەرەوە رووی داوە , منیش پێم وایە ئەمە زۆر ریاكارانەو درۆزنانەیە وە بۆ فریودانە . چونكە لە سلێمانی ژمارەیەكی زۆر لە ئەندامانی دەستەی داكۆكی لە داخوازیەكانی خەلكی دەسگیر كرا هێشتا خۆپیشاندان نەكرابوو بێ ئەوەی توند تیژی یەكیان ئە نجام دابێ نەك هەر ئەوە بەڵكو تەنها لە بەر ئەوەی كە بە خەڵكی سلیمانی یان مان بگرن وە كاری توندو تیژی مەكەن , یا لە كەلار دوو رۆژ پێش رووداني خۆپیشاندان و ئەندامانی كۆمەڵەی بەمەدەنی كردنییان دەسگیر و زیندانی كرد . نموونە زۆرە لە سەر پووچی ئیدیعاكانی سەرانی یەكیتی بەڵكو هەمیشە هێزەكانی ئاسایش و دەزگای زانیاری بوو ئاژاوەیان دەنایەوە خەڵكیش وەڵامی توندیان دەدایەوە پاشان خەڵكیش دەگرن بە تاوانی توند و تیژی , تەماشای ئەم نابەرابەری یە بكەن .

با لایەنێكی تر باس بكەین لە نابەرابەری ئەم دەسەڵاتە , جلال تالەبانی وەك سەرۆك كۆماری عێراق خۆی ووتی مانگانە هەشت هەزار دۆلار وەردەگرێ !! ئایا وەك ئەمینداری یەكێتی نیشتمانی چەند وەر دەگرێ و چەندی لە بانك هەیە چەند كۆمپانیای هەیە ؟؟, ئەمەیان باس ناكەین .با وا دابنێین تەنها هەشت هەزار دۆلار مانگانەیەتی .ئایا دەبێ جیاوازی چی بێ لە نێوان ژیانی رۆژانەی تالەبانی و كریكارێ یا كارمەندی كە مانگانەكەی سەد دۆلار یا دووسەد دولارە و ئایا ئەم نابەرابەریە چەند قاتە ؟؟؟؟ ئایا مانگانەكەی مەسعود بارزانی و سەرۆك یا وەزیرەكان و مەسولە گەورە و بچوكەكانی دەسەڵاتی ناسیونالیستی كورد وەك مانگانەی كرێكارێكە یا كارمەندێكە یا مامۆستایەكە ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لای خەڵكی كوردستان رۆشنە .

كاتێ لینین بووە سەرۆكی دەوڵەتی رووسیا لە پاش سەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەر مانگانەكەی حەفتا رۆبل بوو لە هەمان كاتدا كرێكارێكی خاوەن پیشەش هەر حەفتا رۆبڵ مانگانەی بوو لە هیچ لایەكی ترەوە هیچ جۆرە دەرامەتێكی تری نەبوو .لە كاتی گرانیەكەی ئەو كاتەی رووسیا جوتیارەكانی سیبریا گە نمیان بۆ هێنا نەوەك سەركردەكەیان لە برساندا لە دەست بچێ كەچی ئەو

**رابەرە ئەو کۆمەکەی قەبوڵ نەکرد داوای کرد بیبەنەوە بۆ منداڵە هەژارەکان . کەسێك کە دەبێ کۆمەڵگایەکی ئازاد یەکسان دا بمەزرێنی و نا عەدالەتی کۆتایی پێ بێ دەبێ وا بێ .**

**تا ئەم نا بەرابەریە هەبێ چین و توێژەکانی مەحروم و چەوساوە بێ دەنگ نابن هەر نارازی دەبن تا سەرمایەداری و خاوەنداری تایبەتی هەبێ لە کۆمەڵگادا نا بەرابەری دەبێ و خەبات و تێکۆشانی ئەم چین و توێژانە بە شێوەی جۆراو جۆر بەردەوام دەبێ نەکوشتن و نە گرتن و نە تۆقاندن کار لەم خەباتە ناکا هەرچەندە سیستی ئەکا ولاوازی دەکا بۆ ماوەیەك بەڵام زەمینەی سەرهەڵدانەوەو گەشەکردنی ئەم تێکۆشان و نارەزایەتی یە مەوجودە هەمیشە خەڵك ناتوانێ چاو لەو ناعەدالەتی و نا بەرابەری یە بپۆشێ کە هەیە و یەکسانی دەکاتە ئاما نجی خۆی . وە تا سەرکوت و ترس و تۆقاندن هەبێ خەلك ئازادی دەکاتە ئاما نجی خۆی . بۆ ئەم مەبەستەش پێویستی بە رێکخراو بوون هەیە تاکو هێزیکی یەك پارچەو بە توانا دروست بکات بە لافاوی شۆرشی سۆشیالیستی ئەو هەموو زوڵم و ستەم و نابەرابەری یە رامالێت و لە بناغەوە ئەو دەسەڵاتە تێك بدا کە ئەم بارو دۆخەی ئەمرۆی پێکهێناوە . بەڵام بۆرژوازی ئەم مەترسی یە دەرك پێ ئەکا لە رێگای دەسەڵاتە سیاسی یەکەیەوە هەموو توانای خۆی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی خەڵك رێکخراوی سەربەخۆی خۆی نەبێ و حیزبی خۆی نەبێ و دەزگای سەرکوت بەکار دەهێنی راگەیاندنەکانی دەرازێنیتەوە بە درۆ هەڵبەستن بۆ رەش کردنی ئەو رێکخراو و حیزبانە لە کاتی بوونیانا بەڵام ئەمەش ناتوانێ تا سەر برِ بکات وە چۆن ئێستا لە کوردستاندا خەڵك ئیتر خۆش خەیاڵ نیە بە وەعدەو بەڵێنەکانی ئەحزابی کوردایەتی ئێستا زۆر فەرقی کردووە لە گەڵ چەندین ساڵی پێشوودا .ئاواشیان بۆ ناچێتە سەر .**

**لە کۆتاییدا ئەیڵێنەوە هەروەك چەندین جاری تر لە ساڵانی 1990 وە تا ئێستا ووتومانە دەسەڵاتی ناسیۆنالیستی کوردی ناتوانی ببێتە دەسەڵاتی خەڵك و بەرژەوەندی خەلك نابینن و وە ووتومانە تەنها دەسەڵاتی خەلك لە رێگای پێکهێنانی شوراکانیانەوە دەبێ وە دەتوانن بەرژەوەندی خۆیان بە دی بهێنن دەبا ئیتر بیرێك لەم دەسەڵاتە بکەینەوە کە نا بەرابەری دەرووخێنی و ئازادی و یەکسانی دا دەمەزرێنێ .**